کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-12-2007 20:24بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## فەخرەدین گەرمیانی:دیپلۆماسیەتی کوردیی بەری بەهەوڵەکانی لەشکرکێشی تورک نەگرتووە ... ئامادەکردنی تەوەرە: ئاسۆعوسمان

Lawa_0@hotmail.com
Asoahmad2004@yahoo.com

پ: دیبلۆماسیەتی کوردیی تاچەند توانیویەتی لەم قۆناغەدا بەر بەهەوڵەکانی تورک بگرێت بۆ لەشکرکێشی کردنە سەر هەرێمی کوردستان و پوچەڵکردنەوەی پلانی تورکەکان؟.



فەخرەدین: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت یەکەم بزانین تۆ دیپلۆماسیەت لەگەڵ کێ دەکەیت؟ بەرانبەرەکەت تا چ ڕاددەیەك گوێت لێدەگرێت؟ چەندێك ڕێز نەك لە بۆچوونەکانت، بەڵکو ڕێز لەنەتەوەو وڵاتەکەت دەگرێت؟ تورك ئەوەی مانای دیپلۆماسیەت بێت نایزانێت، هەر بەئەقڵییەتی بەربەریەت و سەردەستەیی و هەڕەشە و قۆستنەوەی ئەو هەلانەی بۆی دەڕەخسێت مامەڵە دەکات، بۆیە ئێمە پێوانەی ڕاستمان نییە بۆ ڕاددەی سەرکەوتنی دیپلۆماسیەتی کوردیی لەم قەیرانەی ئێستادا، لەڕاستیدا ئەوە دیپلۆماسیەتی کوردیی نییە بەر بەهەوڵەکانی لەشکرکێشی تورك دەگرێت، بەڵکو چەند فاکتەرێکی ناوەکی و دەرەکی هەن کە بەر بەهێرشی لەشکری تورکان دەگرن.

لێرەدا لەبەرنەبوونی دەرفەت زۆر بە کورتی وەڵامی پرسیارەکەت دەدەمەوە کە نەخێر ئەوە کاریگەریی دیپلۆماسیەتی کورد نییە بەڵکو ڕێگەنەدانی هاتنیان لەلایەن ئەمەریکاو ئەورووپا بەپلەی یەکەم، دووەم لاوازیی دارایی تورك، سێهەم شێوەی شەڕکردن و لێدانی کاریگەریی گەریلاکانی (پ.ك.ك) کە لەشکری تورك توانای یان کاریگەریی لەسەر ئەو جۆرە (لێدەبڕو) یەی شەڕی گەریلا نییە. بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە دیپلۆماسیەتی کوردی کاریگەریی و دەوری نەبووبێت، نەخێر لەم قەیرانەدا دەورێکی باشی گێڕا بەتایبەتی لەلایەن سەرۆکی هەرێم کە زمانێکی دیپلۆماسی چاکی بەکار هێنا ئەو کاتەی داوای دانووستانی ڕاستەوخۆی کرد لەگەڵ تورك بۆ چارەسەری کێشەکان و قەبوڵنەکردنی هەڕەشەکانی تورکان کە هەمیشە تەوەری یەکەمی هەڵسوکەوتیانە بەرانبەر قەیرانەکانی تورکیا کە کەم نین، ئەوەی نیگەرانمان دەکات نەبوونی یەك هەڵوێستی نێوان سەرکردەکانی کوردە کە ڕێگەخۆش دەکات بۆ تورك زیاتر پەرە بدەن بە هەڕەشەو چاوسوورکردنەوەیان لە حکومەتی هەرێم لە کاتێکدا دەبێت بە تەواویی پێچەوانە بووایە.

بەکورتی دیپلۆماسیەتی کوردیی نەگەیشتوەتە ئەو ئاستەی بتوانێت ڕێگە لە لەشکرکێشی تورکان بگرێت لەم قۆناغەدا، بەڵکو ئەو هۆیانەی سەرەوەیە کە ڕێگە لە تورك دەگرێت، ئەگەر ئەم جارە کورد بتوانێت یەك دەنگ و یەك ڕەنگ بێتە مەیدان ئەوە تورکان لەداهاتوودا دووجار لەم جۆرە کردارانە بیر دەکاتەوە چونکە بێگومان ئەمە نە یەکەمجارەو نە دواجاریش دەبێت بەڵکو ئەمە خووی تورکە لەدێر زەمانەوە و چەندین کاریان بۆ چووە سەر بەمجۆرە تەماشای مەسەلەی قوبرس و وەدەرنانی (پ.ك.ك) لەسوریا بکە باشترین بەڵگەن لەبەردەستدا، پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت (مردنی نیشان بدە بە "تا" مەمنوون دەبێت) بەداخەوە لەجیاتی ئەوەی ئێمە مردن بەتورك نیشان بدەین تاکو بە "تا" مەمنوون بن ئەوان وامان لەگەڵ دەکەن. بەکوردیی و بەکورتی ئێمە هێشتا زۆرمان ماوە بگەینە ئەو ئاستەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەگەمەی دیپلۆماسیەت تێبگەین و بیکەینە کارەکتەری بردنەوەی هەرچی کۆمپانیای تورکەکانە لە کوردستان و ئێمە ئابلۆقەی ئابووریمان لەسەر تورك دابنایە بە نەهێشتنی گۆڕینەوەی کالاّ لەنێوان کوردستان و تورکیا. مامەڵەی کوردستان لەگەڵ تورکدا لە ساڵێکدا خۆی لە چەندین ملیار دۆلار دەدات کەچی ئێمە ئەو فاکتەرە بۆ هەڕەشەش بێت بەکارناهێنین، هەموو کەس دەزانێت کلیلی سەرکەوتنی هەر وڵاتێك بە پلەی یەکەم ئابوورییەکەیەتی هەمووشمان باری تەپیوی ئابووریی تورکیا دەزانین.

پ: دەتوانین بڵێین سەرکردایەتی کوردستان لەم شەڕە سیاسییە سەرکەوتوو دەبێت یان بەپێچەوانەوە دەبێت؟

فەخرەدین: لەم قۆناغەدا من دڵنیام کە تورك هەڵناستێت بە داگیرکردنی کوردستان چونکە بۆی ناچێتە سەر ئەویش لەترسی کورد نا بەڵکو ترسی زۆری دیکەی هەیە کە بەچاکی دەزانێت ناتوانێت (پ.ك.ك) بەشەڕ لەناو ببات چونکە پێشتر زیاتر لە 24 جار خۆی تاقیکردۆتەوە و ئێستا بەرگەی شکستی دیکەی لەو چەشنە ناگرێت و زۆر دەترسێت، بەڵی کورد لەم شەڕە سیاسییەی ئەمجارە ناڵێم سەرکەوتوو دەبێت بەلاّم دەرباز دەبێت و دەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ شەڕێکی سیاسی دیکە لەگەڵ تورك، بەڕای من شەڕی سیاسی کورد نابێت لەگەڵ تورکان بێت بەڵکو لەگەڵ ئەمەریکا بێت هەرچی ئەمەریکا لە کوردی داواکرد بەبی هیچ بەرانبەرێك کورد جێبەجێی کرد بۆ ئەمەریکا (ئایا ئەمە دیپلۆماسیەتی کوردە؟) بێئەوەی هیچ دەستکەوتێك هەبێت تۆ پێڕەوی لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا بکەیت کەچی ئەوان گوی لە تورك زیاتر بگرن؟کۆتایی هاتنی قەیرانی ئەمجارە ناتوانرێت بەسەرکەوتن هەژمار بکرێت.

فەخرەدین گەرمیانی – کارمەندی نێودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کۆنگۆی دیموکرات

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.